# (AMBULANCE)

مەهدی زریان

توانیم کۆدی مەحاڵەکان بشکێنم
ڕەنگی ڕاستەقینەی ئاوم دۆزیەوە
لە سیحری هەڵم و
ئارامگرتنی بیابان حاڵی بووم!
لەکاتی وشکەساڵیدا
درزەکانی خاکم بەئازارەکانییەوە خوێندەوە
کەچی بۆ بینینی شێوە ڕاستەقینەکەی تۆ
لە پێچەوانەی هەر ئاوێنەیەکەوە ڕوانیم
نەمتوانی وەکوو دێڕی سەر ئامبوڵانسەکان
لەوێنەیەکی پێچەوانەشدا
شێوەت بدۆزمەوە!
گوێم لە خشپەی پێیەکانی
سکوت و بێدەنگی دەبێت
بەرلە گەیشتنی بەمن!
بەڵام بۆ حاڵیبوون لە وشەکانی تۆ
لەنێو لاپەڕەکانی فەرهەنگدا ون دەبم!
ئەو دەمەی زەمەن کاتژمێرەکەی دەستی
بە سەر لقی درەختە تاریکەکانی
شەوێکەوە جێ دەهێڵێت
من دوای تیشکی چاوەکانی تۆ دەکەوم!
دەچمە قووڵایی خەیاڵاتێکەوە
لێکدانەوەی هەر وشەیەک
بۆ من دەبن بە زیندانێکی ئەبەدی!
بۆ دەربازبوون لەو زیندانە
پیاڵەیەک ڕووناکی دەخۆمەوە
پڕدەبم لە ڕەنگی نەبینراو
جیهانێک دەخولقێنم
تەنیا خۆمی تێدادەبم و
تۆش لەمندا دەتوێیتەوە و
دەبم بەتۆ

